با یادی راپەڕین بکەینە بۆنەیەك بۆ لەچاڵ نانی گەندەڵی

دێرفونکە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو

■ ئیسماعیل تەنیا-ئەڵمانیا

زۆرجاران، کەبەئامادەکردن و نووسینی بابەت گەلێك لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی خەریك دەبم، گەلێك ئاستەنگ دێنەپێشەوە، کەبەرچاوترینیان، نەدۆزینەوەو ساغکردنەوەی چەندان گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردییە، کەتارۆژی ئەمڕۆ، لەچەند سووکە زانیارییەکی ئەمڵاو ئەولای زارەکی بترازێت، هیچیتر لەبەردەستدانین.

ساغکردنەوەی ئەو ناونیشانە پووش بەسەرانە، لەو کاتانەدا، گرنگی خۆیان بەدەستەوە دەدەن، کەئەو لێکۆڵینەوانە زیاتر پێویستیان بەئامارو نەخشەی وردو پێگەی ئەو لایەنانە لەجوگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، دێت.

دڵنیام بەشێکی زۆری پارت و کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان، بەتایبەتیش لەدوای کارەساتی(١٩٧٥)ەوە، نەیانتوانیوە ئەرشیفێکی هەمەلایەن و دەوڵەمەند، لەبواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە، بۆ خۆیان دەستبکەن، هەر لەبەر ئەوەشە، تاوەکو ئێستا، چەندان لاپەڕەی شاراوە، تیشکی نەخراوەتەسەر.

یەکێك لەو لاپەڕە شاراوانە، دێرفونکە(DER FUKE)ی ئۆرۆگانی(یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لەئەڵمانیایە، هەرچەندە نکۆڵی لەوە ناکرێت کەئەو ڕێکخراوە چ لەدەرەوەو چ لەناوەوە، خاوەنی دەیان ڕۆژنامەنووس و کادیری ڕاگەیاندنی چالاکە، بەتایبەتیش لەحاڵەتی ئێستادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای بەدیکۆمێنتکردن و ساغکردنەوەی بەشی هەرە زۆری هەوڵە ڕۆژنامەگەرییەکان، هێشتا(دێرفونکە) یەکێکە لەمەتەڵە هەڵنەهێنراوەکان.

سێ چوار ساڵ زیاترە، لەڕێگای دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کەماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ڕاگەیاندندا بوون، خەریکی سۆراغکردن و بەدواداچوونی ئەو ئۆرگانەم، وەلێ مەخابن، تائێستا کەپیازێکی سپی کراوم دەست نەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەو ڕێگایەوە، شتی شاراوەی ترم دەستکەتووە، کەمایەی دڵخۆشییە.

بەرەنجامی پەیوەندی و سۆراغکردنەکانم، لەو خاڵانەدا بەرجەستە بوون.

١-(DER FUKE)، بەمانای بڵێسە(الشرارة) دێت.

ئۆرگانی(یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)بووە، بابەتەکانی لە (الشرارة)وە وەرگێراون و تەرجەمەی ئەڵمانی کراون.

٢-کاك(جەمال خەزنەدار) کەیەکێکە لەکەسایەتییە ناسراوەکانی بواری ئەرشیفکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی لەو بوارەدا هەیە، ئەو هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەو ئۆرگانەوە نییە.

٣-بەشێکی زۆری کادیرە کۆنەکانی ئەو ڕێکخراوە لەئەڵمانیا، هیچ شتێکی لەبارەیەوە نازانن.

٤-تائێستا ئەوەی من ئاگاداری بم، دوو سێ کتێب لەبارەی بیبلۆگرافیاو ئەرشیفکردنی ڕۆژنامەگەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەرچووینە، هیچ یەکێك لەوانە بەلایدا نەچوون، یان وەڵام و خواستەکانی منیان نەداوەتەوە.

کاك(ئازاد خانەقینی) جوانمەرگ، لەکتێبی(مادێنا-مێژوو، بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)(١٩٧٥-١٩٩١)، سلێمانی، (٢٠٠٠)دا لەلاپەرە(١٧)دا، تەنها بەشەش وشە باسی(دێرفونکە) دەکات و دەڵێت(دێرفونکە) (الشرارة) بەزمانی ئەڵمانی لەئەڵمانیا دەرچووە، کاك نەوزاد عەلی ئەحمەدیش لەکتێبی(ڕۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدەرەوەی کوردستان(١٩٧٥-١٩٩١)، سلێمانی(٢٠٠٤)، لەلاپەرە(٨)دا هەمان زانیاری ناو کتێبی(مادێنا)ی بەوشەیەك کەمتر، گواستووەتەوەو بەئەمانەتیشەوە ئاماژەی پێکردووەو دەڵێت(دێرفونکە-الشرارة، بەزمانی ئەڵمانی دەرچووە.

٥-باشترین سەرچاوە تائێستا دەستی من کەوتبێت، زانیارییەکانی (ڕێناس نەورۆزی) هاوڕێمە، کە لەنامەیەکی ئەلکترۆنیدا ڕۆژی (٢٨/١١/٢٠٠٧) بۆی ناردووم، ناوبراو دەڵێت(DER FUKE- الشرارة): ڕۆژنامە، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، زمان: ئەڵمانی، سەرەتا لەوڵاتی سوید چاپکراوەو پاشان شوێنی چاپکردنی گواستراوەتەوە بۆ لەندەن، بەریتانیا، ژمارە(١)لەساڵی(١٩٧٩) دەرچووە، لەمانگی شوباتی(١٩٨٠) دەرچووەو تادەروبەری ساڵی(١٩٨٣) بەردەوام بووە لەدەرچوون.

ئەوەی جێگای سەنجە، کاك (ڕێناس)یش ژمارە ئۆرگینال یان (کۆپی)یەکانی نەبینیوە، ئەو زانیارییانەی لەچەند بابەتێکەوە وەرگرتووە کەلابەلا، ئاماژەیان بەو ئۆرگانە داوە.

بەوردبوونەوە لەو زانیارییانەی(ڕێناس نەورۆزی) پرسیارگەلێك دێتە بەردەمان.

-لەکاتێکدا کەکادیرە چالاکەکانی(یەکێتی) بەئاستی سەرکردایەتییەشەوە لەئەڵمانیادا بووین، بەخوێندن و نووسینیش زمانەکەیان زانیوە، بۆچی دەبێت بەزمانی ئەڵمانی لەسویدو لەندەن چاپ بووبێت؟ ئەگەر مەبەست لەنەبوونی زەمینەی کارکردنی سیاسی و چاپخانەو دەزگای کۆپیکردن بێت، چۆن ئەو بواره لەلەندەن و سوید ڕەخساوە لەئەڵمانیاش بەهەمان شێوە بووە.

ئەوەی کەزیاتر هانیدام بەردەوام بم لەسۆراغەکانم، زانیارییەکانی هاوڕێم(د.سالار باسیرە)بوو، کەچەندانجار ئەوەی درکاندووە کەخودی خۆی ئەو ئۆرگانەی دیوە، بوونی هەیە، بەڕای ئەویش، زانیاری زیاتری لای بەڕێزان(د.کەمال فوئادو کەمال ڕەشیدو ئەرجومەند)ە، کەئەمەی دواییان حاڵی حازر لەکوردستان و شاری سلێمانیدا دەژی.

لەهاوینی ڕابردووشدا، لەگەڕانەوەم بۆ هەولێر، سۆراغێکی ترم کردو بڕادەیەکی نزیك لە(د.کەمال فوئاد) بەڵێنی پێدام کەسۆراغم بۆ بکات، بەڵام تائێستا(وادیارە بەهۆی وشکەساڵییەوە بوو)، بەڵێنەکەی هیچی لێ شین نەبووە.

هەر لێرەوە، داواکارم لەو کەسانەی کەزانیارییەك لەبارەی ئەو ئۆرگانەوە دەزانن، زۆر بەتایبەتیش(کاك ئەرجومەندو د.کەمال فوئاد) لەڕێگای(**کوردستانی نوێ**)وە، وەڵامی ئەو پرسیارانەم بدەنەوە(کەی یەکەم ژمارەی دەرچووە؟ لەکوێ چاپکراوە؟ قەبارەو ژمارەی لاپەڕەکانی چەند بووە؟ هاریکارو سەرپەرشتکارانی کێ بوون؟ دوا ژمارەی چەند بووەو کەی دەرچووە؟ چۆن دابەش کراوە؟...تاد) گەر بشکرێت بەرگی یەکەمی یەکێك لەژمارەکانی بڵاوبکرێتەوە.

دڵنیام بەو کارەیان دەبنە سەرچاوەیەك و خزمەتێکیش بەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەن و هەوڵەکانیشیان دەبنە جێگای ئاماژەپێکردن.

لەیادی ١٨ ساڵەی ڕاپەڕیندا، با گیانی ڕاپەڕین سارد نەبێتەوە

■ کاوسێن بابەکر

ڕەنگە، کەم نەتەوە هەبن وەك کورد بەر نەفرەتی جیۆپۆلەتیك کەوتبن کەفاکتەرێکی هەرە گرنگ بووە بۆ شکستی شۆڕشەکانی کوردو بەردەوامی ژێردەستەیی و داگیرکاری.

قەدەری کوردِ ژێردەستەیی و شەتەکدرانی بەدەوڵەتانی دراوسێوە بەدرێژایی مێژوو وایلێکردووە، هەستی نەتەوایەتی درەنگ بەخەبەربێ بەتایبەت، لەساڵی(١٥١٤)ی زاینی کە کۆتایی بەشەرە درێژەکانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان هێناو هەموشی لەسەر ورگی کورد بەرێوەدەچوو، دوای کاولکاری و کوشتارێکی زۆریش لەکوردستان بێ ئەوەی بچوکترین سوودی سەرکەوتنەکانی هیچکامیان بۆ کوردبێ. لەوساڵەدا کوردستان کەپێشتریش لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی سەفەوی لەرۆژهەڵات و عوسمانی لەرۆژئاوادا بوو، ئیدی بەکردەوە کوردستان بەڕەسمی داببەشکرا. تادواتر دوای ڕووخانی دەوڵەتە نەخۆشەکەی عوسمانی چەند پارچەیەکی تریشی لێکرایەوە، باشووری کوردستان بەعیراقی عەرەبی و کوردستانی بچووك بەسوریاوە لکێنرا دوای جەنگی جیهانی یەکەم.

لێرەدا نامەوێ مێژوو بگێڕمەوە هەر هێندە ئەو بەبیرهێنانەوەیە پێویست بوو بۆئەوەی لەقەدەری ناهەمواری کورد باشتر تێبگەین کە دابەشکرانی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتداو نەبوونی دەروازەیەك بۆ دونیای دەرەوە خاکی یان ئاوی و بەستنەوەی بەوڵاتان جگە لەوڵاتە داگیرکەرەکان، چ نەفرەتێکی مێژوویین و چ قەدەرێکی تاریکە. کەئەوەش یەکێکە لەفاکتەرە گرنگەکانی شکستی شۆڕشەکان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی. دیارە وێڕای دواکەوتوویی ئابووری و ڕووناکبیری... کۆمەڵێك فاکتەری تر کەئەوانیش هەم فاکتەرو هەم بەرئەنجامی داگیرکاری و نەبوونی دەوڵەتن، چونکە دەوڵەت، فاکتەرێکی بەهێزی بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتییە، بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی گەشە پێدەداو هۆکارو بەرئەنجامی یەکترین لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوە.

نەبوونی هەستی نەتەوایەتی کە زەرورەتی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستە کەوایکردووە هەموو شۆڕشەکان لەگرفتی نەبوونی یەکێتی و نەبوونی بەرنامەیەکی ڕۆشنی نەتەوایەتی و لەدواجاردا خنکان لەپەرتەوازەیی و کێشەی گروپە عەشایەریی و دەستەگەرییەکاندا، شۆڕش و بزوتنەوەکانی لەنیوەی ڕێدا شکست پێهێناوە. بۆیە جوغزی ئیمارەت و شۆڕشەکان لەسنووری دین و عەشیرەت و بنەماڵە تێنەپەڕیوە، ئەگەر هەستێکیش هەبووبێ لەشۆڕشی شێخ عەبدوڵلاو سمایل خان، نەگەیشتۆتە ڕادەی خەونێکی گشتی یەکگرتوو، تا لەشۆڕشی ئەیلولو کۆماری مەهابادداا ئەو هەستە گەشاوەتەوە، بەڵام هێشتا بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی تۆکمە نەبووە کەخەونی هەمووان تاقە خەونی ڕزگاری نەتەوەو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەبێ. ئەم هەستی نەتەوەییە لەشۆڕشی نوێدا زیاتر گەشەیکردو خەونەکە گەورەتر بوو، بەڵام هێشتا لەگرفتی دەستەگەری و حزبگەری ڕزگاری نەبووە.

بۆ سەربەخۆیی و ئازادی جگە لەیەکێتییەکی پتەوی سەرجەم چین و توێژەکان و سەرجەم بارەو ڕو حزبە سیاسییەکان ڕێگایەکی ترنییە.

زەمەن کاریگەرییەکی قوڵی دانا لەسەر ڕەنگڕشتنی هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵایەتی، کولتووری، پارچەکان، هەربۆیەش هەرپارچەیە، سنووری جوڵانەوەو خەباتی سیاسی خۆی دیاریکرد، باشووری کوردستان دوای شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکان، شۆڕشی نوێ لەسەردەستی(ی. ن. ك) و کۆمەڵێك پارتو بزوتنەوەی تر دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرساو بەپێی هەلومەرجە سیاسییەکان شۆڕش لەبەرزو نزمی دابوو تاکو ساڵی(١٩٨٨) کە ئەنفالو ڕاگواستنی شارو دێهاتەکانی کوردستان لەسەر دەستی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، فەزای خەباتی سیاسیو چەکداری تابێ سنووری بچوککردەوە، یەکێتی بریاری دروستکردنی مەفرەزەی پارتیزانی داو دەیان تێکۆشەر لەکونە ئەشکەوتو دۆڵەکاندا، خۆیان قایمکرد، بەهیوای جۆشدانی خەباتی شارەکانو ڕاپەڕینێکی گەورەی جەماوەری. هەرچەندە گەلی کوردستان زۆر تەنگی پێ هەڵچنرابوو، زوڵمو زۆری ڕژێم هەناسەی لەکۆمەڵانی خەڵك بڕیبوو، بەڵام، ئومێدی سەرکەوتن وەك ئاگری نەورۆز لەدڵی کۆمەڵانی خەڵکدا کڵپەی دەداو هەقڵانی ڕێکخستنیش کەخۆیان لەشانەکانی بروسکدا ڕێکخستبوو ئەو ئاگرەیان زیاتر جۆشدەدا. داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمەوەو تێوەگلانی دیکتاتۆر لەتەڵەی جەنگێکی نێودەوڵەتی هێندەی تر بڵێسەی ئاگری ئەو ئومێدەی بەرزکردەوە. ئیدی ڕاپەرین بوو بەکارێکی بێ ئەملاو ئەولا. سەرکردەکانی شۆڕش دەستیانکرد بەپێوەندی گرتن بەسەرۆك جاشەکانو لێپرساوە سەربازییەکانی ڕژێم ئەوانەی هێشتا لەزەلکاوی تاواندا نقوم نەبوو بوون، خەونی ئازادی گەورەترو ئاسۆکانی سەرکەوتن ڕوونتر دەبوون، ئیدی ڕۆژی لەسەنگی مەحەکدانی کوردبوونی هەرتاکێك هاتبوو، ئیدی ڕۆژی لێپێچینەوەی خودبوو بۆ وازهێنان لەخۆپەرستی و ڕازیبوون بەدیلێتی، ئیدی، ڕۆژی سەلماندنی هەبوونی هەستی نەتەوایەتی بوو یەکەم ریزە گوللەی شەهید عەلی نەبی هەزاران کەس لەژن و منداڵو پیاوی بەتەنگهاتووی شاری ڕانیە ڕژانە سەر کۆڵان و شەقامەکانو حاجی ئاواو چوار قورنەو... ئیدی سەرجەم شارەکانی ترو ئۆردوگا زۆرەملێکانی تر بەدوایدا هاتن، دەهۆڵو زورنای گۆرانیبێژە میللییەکانی ڕانیەو شیعرە ئاگرینەکانی شێواو خرۆشانی خەڵکی واجۆشدەدا کەس مەرگی لەبیرنەبوو، ئەوانەی تا ئەوچرکەیە، ژیان و مەرگی خەڵکی کوردستانیان لەدەستدا بوو هەزاران جار مەرگیان بەئاوات دەخواست. ئەو یەکێتییەی لەئەنجامی چەوساندنەوەی هاوبەش دروستبوو، دەبوو سەربکەوێ. ئیرادەی بەکۆمەڵو خەونی گەورەی هاوبەش، ڕاپەڕینیان سەرخست، بەڵی ڕاپەرین لەگەڵ ئازادیو ڕزگاری ئومێدی ڕەخسینی هەستی نەتەوە بوونی لەگەڵ خۆی هێنا، هەرئەوەش بەردی بناغەی دەوڵەتی کوردی دادەنێ.

هەرچەند ئامانجەکانی ڕاپەرین زۆر گەورەترو فراوانتربوون لەوەی تائێستا بەدەستهاتوون، بەڵام سنووری هەرەشەکانی تواندنەوەو لەناوچوونمان بڕیوە، بەرەو بەهێزبوونی ئیرادەی نەتەوەیی و حکومەتی خۆمالی دەڕۆین و وردە وردە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن دەکەین، نەك هەرئەوە، ئێستا کورد دیموکراسیترین ئاراستەی سیاسییە لەعیراقداو خاڵی پێکەوە گرێدانی ئاراستە دیموکراتو نیشتمانییەکانە بەرەو دروستکردنی عیراقێکی دیموکراتو فیدراڵ.

پێویستە یادی ڕاپەرین، جۆشی خواستو خەونەکان بدات بۆ پێداگرتن لەسەر خزمەتگوزاری زیاترو خەبات بۆ ناوچە دابڕاوەکان هیچ شتێك لەو هەنگاوانەمان ساردنەکاتەوە. خەباتی دووەمیشمان دژی گەندەڵی و هەڵپەرستی بەپرۆژەو بەرنامەی جوانو لەقاودانی گەندەڵکاران درێژە پێبدەین. بەخۆینی شەهیدە سەربەرزەکانیش، ڕاپەرین تاجی سەرکەوتنەکانی خستە سەری کوردستان، بۆیە هەرچەند خزمەت بەبنەماڵەی شەهیدان بکرێ، هێشتا قەرەبووی ئەو گیانە سپیانە ناکرێتەوە.

> هەرچەند ئامانجەکانی ڕاپەرین زۆر گەورەترو فراوانتر بوون لەوەی تائێستا بەدەستهاتوون، بەڵام سنووری هەرەشەکانی تواندنەوەو لەناوچوونمان بڕیوەو بەرەو بەهێزبوونی ئیرادەی نەتەوەیی هەنگاو دەنێین

لیکدانەوەی دەروون



ئێمەو جوانی

■ د. سابیر بۆکانی

مێژووی هونەر لەوکاتەوە دەستپێدەکات کەمرۆڤ هەستی بەجوانی کردو لەبەرامبەریدا هۆشیاری پەیداکرد. هەستکردن بەجوانیش ئەو سەردەمە هاتەگۆڕێ کەهونەر لەخزمەتی کۆمەڵ و ئایینی کۆمەڵگا هاتەدەرێ و تاکەکەسی کرد بەئامانج. پێشتر مەبەستی سەرەکی هونەرمەند بەجێهێشتنی کاریگەری بووە لەسەر کۆمەڵ و گروپەکان تاکو ئامانج و ئایدیای باڵایان بەدیبهێنێت. ئەمە ئەوکاتە بەکۆتا گەیشت کە تاکەکەس لەکۆمەڵدا ڕۆڵ و پێگەی خۆی بەدەستهێنا؛ ئیدی هونەرمەندیش ڕووی لەتاك کردو لەڕێی بەرهەمەکەیەوە دواندی. ئەمە هەرگیز ڕووی نەدەدا ئەگەر هونەرمەند ئازاد نەبوایەو نەیتوانیبا گوزارشت لەناخ و هەست و نەست و هەزرو بیرۆکەی تایبەت بەخۆی بکات. ڕەنگە ئێستاش لەو کۆمەڵگایانەدا کە تاکەکان بەزۆر لەبۆتەی گشتدا دەتوێنرێنەوەو جیاوازییەکان دەسڕێنەوەو دەنگێك یان ڕەنگێك بەسەر هەموو دەنگ و ڕەنگەکانیتردا زاڵ دەکرێت، هەستکردن بەجوانی بخنکێندرێت. کەواتە ناوەرۆکی جوانی ئەو دەمە دەرکەوت کە کۆمەڵایەتیبوونی بەجێهێشت و بەرەو تاکەکانی کۆمەڵ چوو. لەسایکۆلۆژیادا چێژی کۆمەڵگا کۆی چێژی یەکە بەیەکەی تاکەکانی ناوی نییە. تاك تاکێتی خۆی دەپارێزێت و کۆمەڵیش ئاوێتەیەکی سەربەخۆیەو یەکسان نییە بەسەرجەم تاکەکانی و شتێکیترە.

تەواوی هونەرە جوانەکان پشت بەهەردوو هەستی بینین و بیستن دەبەستن. گۆرانی و مۆزیك و شیعرو...تاد؛ دەنگن و دەگەنە گوێ. وێنەو پەیکەرو تەلارسازی و...تاد؛ دیمەن و تیشکن و بەچاو دەبینرێن. ئەم دوو هەستە زیاتر بەدنیای دەرەوەمان دەگەیەنن و ڕاستەوخۆ بەبەرجەستەکراوەکانەوە نامانبەستنەوەو دەتوانن هەستپێکراوەکان لەبابەتەکانیان داباڵن و پێکهاتەی هونەری و وێنای عەقڵیمان لەلا بەجێ بهێڵن. هەرچی هەستەکانیتریشە ئەوەندەی بەناخی خۆمانەوە دەمانبەستنەوەو پێویستیان بەبەرکەوتنی ڕاستەخۆیە، ئەوەندە بەدنیای دەرەوەمان ناگەیەنن و پێیان ناکرێت لانیکەمەی چێژی جوانیمان پێبگەیەنن.

ئێمە چێژ لەهەر شتێك وەربگرین بەجوانی دادەنێین، بەڵام چێژێکی بێنیاز؛ کەتەنها ئاسودەیی و شادی بەدوای خۆیدا بهێنێت و بەرەو بیرکردنەوەمان بەرێت، جیاواز لەو چێژە پوخت و ڕاستەوخۆیەی لەخواردنێکی خۆش یان پرۆسەی سێکسییەوە وەردەگیرێت. چێژی جوانی؛ لەهەستکردن بالاترەو لەو ئاستە تێپەڕیوەو بەپەیبردن گەیشتووە، واتا لەنێو مێشکدا ڕوودەدات و زانیارییە وەرگیراوەکان دەنرخێندرێن و لێکدەدرێنەوە. ئەم تاوتوێ کردنەش لەمێشکی مرۆڤێکی هەست ناسکدا ڕوودەدات ئەوانەی کەپێیان دەووترێت میزاجیان پرتەقاڵییە، ئەمە لەمێشکی مرۆڤی وەرس و بێزارو خەمۆکدا، ڕووناداتیان بەزەحمەت ئەگەر ڕووبدات.

چێژوەرگرتن لەجوانی ئەوکاتە تەموتاریکی بەسەردادێت و دەشێوێت کەمرۆڤەکە ئەزموونێکی هونەری ئەوتۆی نەبێت و یان بۆ دیدو بۆچوونێکی دیاریکراو لایەنگربێت و تەنها چێژ لەوانە وەربگرێت کە دەیانناسێت و زانیاری لەبارەیانەوە هەیە. واتا بریارەکانی لەسنووری ژینگەی دەوروبەری تێنەپەڕێت. ئەوانە بەهۆی بیروباوەڕیانەوە وایان لێهاتووە لەهونەر تێنەگەن، چونکە بەپێوەرێك هەڵسەنگاندن بۆ کاری هونەری دەکەن، دورو نزیك پەیوەندی بەهونەرەوە نییە.

جوانی شتێکەو لەئارادایە؛ ئێمەش هەستی پێنەکەین و دانی پێدا نەنێین، ئەو بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە، دیمەنێکی سروشتی، بۆخۆی جوانەو ئێمە جوانی پێنابەخشین، کەس ناتوانێت بەناشیرین وەسفی بکات. دەنگی ئەو مرۆڤەی بەزمانی مۆزیك دەدوێت و سەرسامان دەکات و دەمباتە دۆخی تێڕامانەوەو دواتر لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەماغاتە مشتومڕو ڕاگۆڕینەوەوە کە وەك خۆمان بەهەمان ئەزموونی بیستنی هەمان دەنگدا تێپەڕیون. ئەمە جوانی و خۆشی و چێژی دەنگە؛ کەس ناتوانێت بەناخۆش ناوی ببات مەگەر کەسێك بەتەواوی لەچێژ دابڕێت و نامۆ بێت بەخەسڵەتە مرۆڤایەتییەکان. ڕاستە چێژی جوانی لەناخی کەسەکاندا بەرقەرار دەبێت و هەڵوێستی ئەوانە بەرامبەر بەشتەکان و پەیوەستە بەخودی مرۆڤەکانەوە. بەڵام دەنگ و ڕەنگ و دیمەنە جوانەکان، ئێمەش نەبین... ئەوان بۆخۆیان هەر جوانن.

گۆشەیەکی هەفتانەی سایکۆلۆژییە